# بەهاری عەرەبی و زستانی تورکیا!

## جەمال عەزیز ٣٠-٩-٢٠١١

لێکدانەوە سیاسیەکان بۆ ڕستەی بەهاری عەرەبی بەمانای ڕزگار بوونی گەلان لەناوولاتانی عەرەبی دێت، مانای ڕامالینی دکتاتۆرو نەمانی جەوروستەمی چەندان ساڵەی سەرکردە دکتاتۆرەکانی عەرەبە.لای زۆر کەس ئەم بەهاری عەرەبیە خۆڕسکە و تەنها لەئەنجامی چەوساندنەوە سەریهەڵداوە، بەڵام نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کەبەرنامەی پێش وەخت و ئامادەکاری پێش وەختی بۆ کراوە، ئەو نەخشە نوێیەی جیهان کەئەمەریکایەکان لەساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٣ نیشانیان دا بە تایبەت بۆ ڕۆژهەڵاتو ڕۆژهەڵاتی ناوین بەرنامەیەک بوو لەلایەن ئەمەریکاوە پێشنیار کراوە بۆ کارلەسەرکردنی، سەرەتا ئەمەریکاییەکان نەیان ووت ئەمە کاروبەرنامەی ئێمەیە بۆناوچەکە چونکە دەرئەنجامەکەیان باش دەزانی ،ئەوە بوو لەهەندێک ولاتان بەتایبەتی لای سەرکردە عەرەبەکان ناڕەزایی زۆری لێکەوتەوەو ئەمەریکایان بەدەست وەردان لەکاروباری ناوخۆی ولاتەکانیان تاوانبار کرد، ئەمەریکایەکان خۆیان لەوباسە بێدەنگ کرد بەڵام هەرگیز ئەوبیرۆکەیەیان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا فەرامۆش نەکرد بەڵکو بەشێوەیەکی هێمنانە کاریان لەسەر کرد بۆ ئەوەی نەشیش بسوتێو نەکەباب.ئەمەریکا وەک باڵادەستێک دەیەوێ نەخشەی جیهان بگۆڕێ،بەڵام ئەم گۆڕانکاریانە دەبێت لەبەرژەوەندی خۆی و هاوپەیمانە ستراتیژیەکەی بێت کە ولاتی ئیسرائیلە،هەروەها ئەمەریکا دەیەوێت ئەو نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بگۆڕێ کەئەوروپاییەکان بەتایبەتی بەریتانیاو فەرەنسا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشاویانە لەپاش کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دوهەم،ئەم گۆڕانکاریانەی کە ئەمەریکا لەناوچەکەدا دەیکات ولاتی تورکیاش دەگرێتەوە هەر ئەو نەخشەیە بوو تورکەکانی بەجۆرێک نیگەران کرد خۆیان گەیاندە ئەمەریکا تا بەئەمەریکاییەکان بڵێن ئێمە هەرگیز بەنەخشەی لەو چەشنە ڕازی نابین و دژایەتی هەموو سیاسەتێکی لەوچەشنەش دەکەین، تورکەکان بەشێوەیەک بڕسکیان لێبڕابوو نەیانتوانی ئەوەی لەناو ناخیان هەیە بەرامبەر بەکورد ئاشکرا نەکەن وتیان ئێمە دژی دەوڵەتی کوردی دەوەستینەوە ئەگەر لە ئەرژەنتینیش بێتە دامەزراندن، تورکەکان باش دەزانن ولاتەکەیان لەم ئاڵوگۆرە سیاسی و جوغرافیە بێبەش نابێ، وەزیری بەرگری تورکیا لە کۆبنهاگن لەناوکۆبوونەوەی وەزیرانی بەرگری هەموو ولاتانی ناو هاوپەیمانی ناتۆ هاتە دەرەوەو کۆبوونەوەکەی بەجێهێشت کاتێک بینی نەخشەی جیهان هەڵواسراوەو کوردستان وەک ولاتێکی سەربەخۆ لەناو ئەو نەخشەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە.ولاتانی ئەوروپا بەگشتی و ولاتانی ناو یەکێتی ئەوروپا بەتایبەتی وەک دێوەزمە سەیری تورکیا دەکەن،ڕاستە تورکیایان بەخێوکرد لەنێوان ساڵانی جەنگی ساردو دنیای دووجەمسەری،بەڵام ئەمڕۆ نایانەوێ ولاتێک بەرێژەی % ٨٥ مسوڵمان لەسەرحسابی ئەوان خۆی تێر بکات ،هەروەها ئێستا ئەرکی سوپای هاوپەیمانی ناتۆ هێندە قورس نیە تاکو پێویستیەکی زۆریان بەسوپای تورکیا بێت لەناو سوپایی یەکێتیەکایاندا، هەروەها نایانەوێ سوپایەکی زۆر لەڕووی سەربازی و لەڕووی کەلووپەلی سەربازی بکەن

بەئەرک بەسەر شانی خۆیانەوە، باش ئەوڕاستیەش دەزانن سوپای تورکیا هێندەی گەلانی ناو وڵاتی تورکیای سەرکووت کردوە نیو هێندە خزمەتی بە هاوپەیمانی ناتۆ نەکردوە ئەمە لەکاتێکدایە ساڵانە زیاتر لە ٣٥٠ تا ٤٠٠ ملوێن دۆلار لە وڵاتانی ناو هاوپەیمانی ناتۆ وەردەگرێت بۆ پێداویستیەکانی سوپای تورکیا کە ئێستا بووە بە دەیەمین هێزی سەربازی دنیاو دوهەمین هێزی ناو هاوپەیمانی ناتۆ.ئەوروپاییەکان نایانەوێ وڵاتێکی زۆرینە مسوڵمان ببێت بە ئەندام لەناو یەکێتی وڵاتە پەوروپایەکان کە ئەوان زۆرینە کریستیانن(مسیحی) هەروەها چەندین کێشەی تر کەتاکو ئێستا تورکیای لەدنیا دابڕیوە یاخود هەمیشە دەیدەنەوە لەڕووی تورکەکان هەرکاتێک باس لە یەکێتی ئەوروپا بکەن وەک کێشەی قوبرس،کێشەی کورد لەناوتورکیا،کێشەی ئەرمەن،کێشەی نەبوونی ئازادی ودیموکراتی،کێشەی خەونی دێرینی عوسمانیەکان کەتاکو ئەمڕۆشی پێوە بێت خەونی پێوە دەبینن، ئەمانەو چەندین کێشەی تر کەتورکیای بێهەڵوێست کردوە لەئاست چارەسەرکردنیاندا. بوژانەوەیەکی ڕێژەیی لەئابووری تورکیا تورکەکانی گومڕاکردوە، بەڵام نازانن ئەو کلیلی بوژانەوەی ئابوریە لەدەست ئەمەریکاو ئەوروپایەکاندایە هەرکاتێک بیانەوێ دەرگای بوژاندنەوەی ئابوری تورکیا دادەخەن و تورکیا دەبەنەوە دۆخی جارانی ..هەڵوێستی تورکەکان بەرامبەر بە وڵاتی ئیسرائیلی جوولەکە نشین هۆکارێکی تری ئەو لەبەر یەک هەڵوەشاندنەوەیە کە وڵاتی تورکیاو خاکی تورکیا چاوەڕوانی دەکات،تورکەکان پاش دڵنیا بوون لە وەرنەگرتنیان لەناو یەکێتی ئەوروپا،هەروەها لەئەنجامی گومڕابوون بە بوژاندنەوەیەکی ڕێژەیی لەئابوری تورکیا،لەئەنجامی ملهوڕیو خۆنازین بە سوپایەکی بەهێز تورکەکان دەیانەوێ ببن بە* پاشای عەرشی کەلاوە* لەناوچەکەدا ئەوناوچانەی کە سەردەمانێک لە ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەویاندا بوو،هەروەها دەیانەوێ وەک تاکە زلهێز خۆیان نیشان بدەن لەبەر ئەوەی ئێستا پاشا گەردانیەک بەرچاو دەکەوێت لە هەندێک وڵاتانی عەرەبی ، یاخود ئێستا ڕەوتێکی ئیسلام گەرێتی لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدی دەکرێت ئەمانیش وەک میراتگرێکی ئەو ڕەوتە ئیسلامیە خۆیان دەبینن ،ئەم پاوان خوازیە کە لەسەر تیرازی ئیسلامی بنیاتیان ناوە نەلای ئەوروپاییەکان و نەلای ئەمەریکاییەکان جێگەی قبووڵ نیە چونکە بەهەڕەشەیەکی گەورەی دەبینن بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان بەگشتی و بەرژەوەندی ئیسرائیل بەتایبەتی، ئەو ناکۆکیە سیاسی ودبلۆماسیەی کە ئێستا لەنێوان تورکیاو ئیسرائیلدا هەیە هۆکارێکی گرنگە تاکو وڵاتانی هاوپەیمانی ناتۆ بەسیاسەتی خۆیاندا بچنەوە بەرامبەر بە تورکیا چونکە ئیسرائیل وڵاتێکی کاراو کاریگەری ناو هاوپەیمانی ناتۆیە، هەرچەندە سیاسیەکان دەڵێن ئەمەریکا هەرگیز نایەڵێ جەنگ لەنێوان تورکیاو ئیسرائیل ڕوو بدات بەڵام ئەم ناوبژیوانیەش نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکا چاولەسیاسەتی خۆی بنوقێنێ بەرامبەر بە ئەمڕۆی تورکیا، کەواتە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی بتوانین بڵێین ئەو بەهاری عەرەبیەی لەچەند وڵاتێکی عەرەبی ڕویداو لەچەند وڵاتێکی تریش تازە سەرەتای بەهارە بۆ گەلانی ناو وڵاتانی عەرەبی بەهارێکی خۆشو مژدە هێنەرە بەڵام بۆ تورکەکان زستانێکی سەختو توانا پروکێنە دەبێتە هۆی هەڵکردنی گێژەڵووکەی ڕامالینی دیکتاتۆریو هەموو مێژووی خراپەکاری تورکەکان لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێتو دەیخاتە دەریایی سپی ناوەڕاستەوە

**.تێبینی( پاشای عەرشی کەلاوە ناوی نامیلکەیەکی بەڕێز کاک حەمە سەعید حەسەن)ە وەرم گرتوە.**